# هۆکارەکانی لەناوبردنی بەرەکەت

أسباب محق البركة

< كوردي >

شێخ عبد العزیز بن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)

الشيخ عبد العزيز بن باز (رحمه الله)

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس
پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز
ترجمة : فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس
مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# هۆكارەكانی لەناوبردنی بەرەكەت

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی شێخ عبد العزیز بن باز كراوە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) : -

**پرسیار :** ئەوەی من لە ئەنجامی خوێندنەوە پێی گەیشتووم ئەوەیە سەرەنجامەكانی گوناه وتاوانكردن سزای خوای گەورە و نەهێشتنی بەرەكەتە، بۆیە لە ترسی خوای گەورە وسزاكانی زۆر گریام، ڕێنوماییم بكەن خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە ...

**وەڵام :** سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە و میهرەبان و درودو صەڵات و سەلام بۆ سەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفی و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنكەوتوانی هەتا هەتایە ..

بێگومان تاوان و گوناهكردن هۆكاری تووڕە بوونی خوای گەورە و نەهێشتنی بەرەكەت و باران نەبارین و زاڵ بوونی دوژمنانە بەسەر باوەڕداراندا، هەروەكو خوای گەورە فەرموویەتی :﴿ وَلَقَدۡ أَخَذۡنَآ ءَالَ فِرۡعَوۡنَ بِٱلسِّنِينَ وَنَقۡصٖ مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ لَعَلَّهُمۡ يَذَّكَّرُونَ ﴾ [ الاعراف : 30].

واتا : سوێند بێت بەخوا بەڕاستی ئێمە شوێنكەوتوەكان و گەلی فیرعەونمان گیرۆدەی چەند ساڵێكی گرانی و نەهاتی و كەم بونەوەی ڕزق و ڕۆزیی و بەروبوومەكان كرد، بۆ ئەوەی ئەوان دابچڵەكێن و پەند وەرگرن و بیربكەنەوە.

هەروەها فەرموویەتی : ﴿ فَكُلًّا أَخَذۡنَا بِذَنۢبِهِۦۖ فَمِنۡهُم مَّنۡ أَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِ حَاصِبٗا وَمِنۡهُم مَّنۡ أَخَذَتۡهُ ٱلصَّيۡحَةُ وَمِنۡهُم مَّنۡ خَسَفۡنَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ وَمِنۡهُم مَّنۡ أَغۡرَقۡنَاۚ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظۡلِمَهُمۡ وَلَٰكِن كَانُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ يَظۡلِمُونَ﴾ [العنكبوت : 40] .

واتا : ئێمە هەر یەكێك یان هەر دەستەیەك لە وانەمان بە سزای تاوانی خۆی گەیاند، جا هەیان بوو بەرد بارانمان كرد، هەیان بوو دەنگ و سەدای بە هێز لەناوی برد، هەیان بوو بە ناخی زەویدا بردمانە خوارەوە، هەشیان بوو نوقمی دەریامان كرد، جا وە نەبێت خوا ستەمی لێ كردبن، بەڵك و خۆیان ستەمیان لە خۆیان دە كرد .

ئەگەر بەووردی سەرنجی قوررئانی پیرۆز بدەین ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز لەم بارەیەوە زۆرن، پێغەمبەری خوداش (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : { إن الرجل ليحرم الرزق بالذنب يصيبه } رواه ابن ماجه في الفتن 4023، و أحمد 21881 .

واتا : پیاو بە هۆی تاوان و گوناهەكانیەوە كە دەیانكات خوای گەورە ڕێگری ڕزق و ڕۆزی لێدەكات ..

بۆیە واجبە لەسەر هەموو موسوڵمانایێكی پیاو و ژن، كە زۆر ئاگاداری ئەوە بن تاوان و گوناە نەكەن، وە ئەگەر ئەنجامیشبان دا هەر زوو خێرا تەوبەی لێ بكەن و بەگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە، بە ئومیدی ئەوەی پەروەردگار لێیان خۆش بێت و بیشترسێت لەوەی توورە بێت لێی و سزای بدات، هەروەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویتی : ﴿ إِنَّهُمْ كَانُواْ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلْخَيْرَٰتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا وَكَانُواْ لَنَا خَٰشِعِينَ ﴾ [الانبياء :90] .

واتا : بەڕاستی ئەوانە چالاك و گورجو گۆڵ بوون لە ئەنجامدانی هەموو خێرو چاكەیەكدا و نزای بەكوڵیان دەكرد، بە ئومێدی ڕەحمەت و بەهەشتی ئێمە و لە دۆزەخ و خەشمی ئێمە دەترسانو ئەوانە هەمیشە گەردن كەچ بوون بۆ ئێمە .

هەروەها فەرموویەتی: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُۥ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُۥٓ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ كَانَ مَحْذُورًا ﴾ [الاسراء :57].

واتا : ئا ئەوانەی كە ئەوان هاناو هاواریان لێ دەكەن، كامیان لە خوا نزیكترە؟! لە كاتێكدا كە ئەوان خۆیان هاوار لە خوا دەكەن و داوای نزیك بوونەوە لە پەروەردگاریان دەخوازن و چاوەڕوانی ڕەحمەتی دەكەن، لە سزاو تۆڵەشی دەترسن، بەڕاستی سزای پەروەردگارت مەترسی لێكراوە .

وە فەرموویەتی : ﴿ وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَيُطِيعُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ أُوْلَٰٓئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ ٱللَّهُ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴾ [التوبة : 71].

واتا : ئیمانداران لە پیاوان و لە ئافرەتان هەندێكیان خۆشەویست و پشتگیرو هاوكاری یەكترن (كە ئەمەش سیفەتیانە): فەرمان بەچاكە دەكەن و قەدەغە لە خراپە دەكەن و نوێژەكانیان بەچاكی ئەنجام دەدەن و زەكاتی ماڵیشیان دەبەخشن و گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەرەكەی دەكەن، ئا ئەوانە لە ئایندەدا خوا ڕەحمیان پێ دەكات و سۆزی دەبێت بۆیان، بەڕاستی خوا باڵادەست و دانایە.

بۆیە شتێکی مەشروع و ڕێگا پێدراوە کە پیاوان وئافرەتانی باوەڕدار دەست بگرن بە هۆکارەکانەوە، ئەو هۆکارانەی کە خوای گەورە ڕێگای پێداوە بۆ لێخۆشبوونی تاوان و گوناهەکان، ئەویش بەوەی کە هەردوو ترس و ئومێد لەخۆیدا کۆبکاتەوە - بترسێت لە سزای خوای گەورە و ئومێدیشی هەبێت بە ڕەحم و میهرەبانی پەروەردگار- لەگەڵ پشت و پەنا بەخوای گەورە ببەستێت لە پێناو بەدەستهێنانی ئەوەی ئومێدی پێی هەیە و سەلامەتیش بێت لەوەی خوای گەورە بەندەکانی پێ دەترسێنێت، پەروەردگاریش زۆر بەرێز و بەخشندە و میهرەبانە، لەم بارەیەشەوە فەرموویەتی : ﴿ وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجعَل لَّهُۥ مَخرَجا * وَيَرزُقهُ مِن حَيثُ لَا يَحتَسِب ﴾ [الطلاق : 2-3].

واتا : ئەو کەسەی لە خوا بترسێت و پارێزکار بێت، ئەوە خوا دەرووی لێ دەکاتەوە * لە شوێنێکیشەوە ڕزق و ڕۆزی پێ دەبەخشێت کە هەر حسابی بۆ نەکردبێت ..

لە جێگایەکی تردا فەرموویەتی : ئەوەی کە لە خوا بترسێت و پارێزکار بێت، ئەوە خوا کاری بۆ ئاسان دەکات ..

وە فەرموویەتی : ﴿ وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلمُؤمِنُونَ لَعَلَّكُم تُفلِحُونَ ﴾ [ النور : 31].

واتا : هەمووتان ئەی ئیمانداران بەرەو لای خواو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی ڕزگارو سەرفرازبن ..

بۆیە واجبە لەسەر بەرێزت کە تەوبە بکەیت لەو گوناهانەی پێشتر ئەنجامت داوون و بگەڕێیتەوە بۆ لای خوای گەورە ومیهرەبان وبەردەوام بیت لەسەر کاری خێر وچاکە وگوێرایەڵی پەروەردگار وگومانی چاکیشت هەبێت بە ڕەحم ومیهرەبانی خوای گەورە، وە بیشترسیت لەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی تووڕەیی ئەو زاتە پیرۆزە، وە ئومێدت بە خێر و چاکە وسەرەنجامی خێر وخۆشی هەبێت لە ڕۆژی دوایدا، خوای گەورەش پشت وپەنای هەمووان بێت ..

سەرچاوە : مجلة البحوث عدد (31) ص 120 -121 الشيخ ابن باز ..